# نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز د.ئەحمەد میراودەلی

سەرەتا سڵاو!

بەڕێز دکتۆر ئەحمەد میراودەلی نووسینەکەتم لە دەنگەکان بە ناو نیشانی کەمتەرخەمی بەرامبەر ئەنفالو ئەنفالکراو خوێندەوەو بەڕاستی کۆمەڵێ زانیاری باشی تێدا بوو سەبارەت بەوەی کە چۆن کارەساتی ئەنفال بگەیەنرێتە ڕیزی کارەساتی هۆڵۆکۆستو کارەساتی جینۆسایدی ئەرمەنیەکان. بەڕێز هەروەک ئاگاداری ماوەیەک پێش ئێستا ئێمە وەک کۆمەڵە هاوڕێییەک هەڵساین بە یادکردنەوەی کارەساتی ئەنفال کە خۆت یەکێک بووی لەو کەسانەی کە حزوورت هەبوو لەو یادەدا، ئەو کارەی ئێمە کردمان هەروەک ڕامان گەیاند ئەمە سەرەتای کارمانە واتە بەهیوا بووینو بەهیواین کاری تری بەدوادا بێت، کارەکەمان کەمو کووڕیو لاوازی پێوە دیار بوو هەروەک زۆرێک لە ئامادە بووان بۆ ڕۆژانی دووایی پەیوەندیان پێوە کردینو کەمو کوڕیو لاوازیەکانیان پێ ڕاگەیاندینو ئێمەش بەوپەڕی سنگ فراوانیەوە وەرمان گرت. بە هەرحاڵ ئێمە بۆ ئەم ساڵیادە ویستمان هەرچۆنێک بێت شتێک هەر بکەین، چوونکە کاتی تەواومان بەدەستەوە نەبوو، وە زۆرێک لە پێویستیەکانمان بۆ فەراهەم نەدەبوو.

ئەوەی کە من دەمەوێ لێرەدا باسی بکەم ئەوەیە کەمن پاش خوێندنەوەی ئەو نووسینەت هەست ئەکەم کەتۆش یەکێکیت لە ئێمە، واتە ئێمە هەر ناوێک لەخۆمان بنێین کۆمیتەیەک یان دەستەیەک یان هەر شتێکی تر. تۆش بەو نووسینەت دەبیت بە ئەندامی ئەو گرووپە، هەربۆیە من بە ناوی ئەو هاوڕێیانەشەوە داوات لێ دەکەم هاوکارمان بیت ، تا بەهەمووومان بتوانین کارەساتی ئەنفال بگەیەنینە ڕیزی ئەو کارەساتانەی کە لە دوونیادا ڕوویان داوەو، ئێستاش خۆشبەختانە جیهانی بوونەتەوەو داکۆکیکەری سەرسەختیان هەیەو بکەرانیان ڕاپێچی دادگا دەکرێنو زیان لێکەوتوانیش زیانەکانیان قەرەبوو دەکرێتەوە. لە کۆتاییدا جارێکی تر دەست خۆشیت لێ دەکەم بۆ ئەو بابەتەو بە هیواین داواکاریەکەمان پەسەند بکەیتو بە هیوای دیدارتین لە نزیکترین ماوەدا.

جەمال مەحموود

تۆرنتۆ

May 12, 2005